www.kurdistannet.org
6-2-2007 22:53 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

کۆلارەی کوردی ... یادگار ئەمین

نەرویج/ئۆسلۆ/06. 02. 07
yadgar_amin@yahoo. no

کە منالّ بووین بۆ بزواندنی حەزەکانمان و، ئارەزوماندی هاوڕێیەتی، یان بۆ گەمەو بزێویمان، یان بۆ دەربڕینی تواناو کارامەیی ولێزانی و دەستو پەنجە ڕەنگینیمان حەزمان لە دروستکردنی کۆلارە بوو. خۆ گەر کەسێک بیتوانیایە کۆلارەیەکی ڕەنگاوڕەنگ دروست بکات لە ئاسماندا هاوسانگی خۆی ڕاگرێت و پەلکە جوانەکانی پێوە شۆڕەکاتەوە و، بەو داوە ی کە منالاّن پێیان ئەوت (داوی زنجیری) تاوی کۆلارەکەی بایە بە ستونیو ئاسۆی ... ئەوا زۆرترین چاوی منالانی بۆ خۆی ڕائەکێشا ئەبویە جێگای سەرنجی ئەوانی دی و کارامەی و زرنگی خۆی نیشان ئەدا. بەڵام گەر زۆر نزیکی (عەمود، تەلی کارەبا، محاویلە ... هتد) بوینایەتەوە، بەجارێک لەهەمو لایەکەوە هاوار بەرز ئەبویەوە ... (دەک جوانەمەرگ بی، باوانت شێوێ کارەبایە نەکەی، ئاگر گریت ئێستا ووشکت ئەکات، کورە وەرە بەملا وە بانەیەم ... توشی بەڵایەکمان مەکە هەی ... هتد) ئێمەش بە حەپەساوی و پەشۆکاوی و دڵەڕاوکێوە ئەهاتینەوە شوێنەکانی خۆمان. خوا نەکات بوێرین شەقاوێکی تر بهاوین لە ترسی گەورەکان، گەرچی زۆر وا نەبو کە ئەوان ئەیانە وت، زیاتر مابەستیان ترسانی ئێمە بوو.. ئێمەش بە گوێمان ئەکردن، بە پڕتاو کۆلارەکانمان دائەگرتنەوە گەرچی هاندێکیان لە حاڵو زیکری جۆیاندا بوون، یان داوەکانی دەستمان گرمۆلە ئەبو ئیدی کۆلارەکانیش یاخی ئەبون، نەئەهاتنەوە ... ئێستاش کۆلارەی کوردی لەدەست سەرکردایەتی کورددا، هەرچەندە بە جوانی و لە هەوایەکی خۆشوو شنەدارداا هەلدەدرێت کە کارامەیو، دەست ڕەنگینی پێوە دیارە ... تاکو خۆی بدۆزێتەوەو ئاشنا بێت بە سنورە ڕاستەقینەکانی نیشتیمان..؟ بەڵام مەخابن کێشە ناوخۆییەکانی عێراق بە مشتو مڕی مەزهەبی شیعەو سوننە، جیاواری بیرو ڕای پارتەکانی عەرەب و، دەستە تێکدەرەکان و، تیرۆریستەکان ... هتد بونەتە خەتەرو بەربەستێک کە نایەڵن (کۆلارەی کوردی) هەوای باڵی خۆی بدات و، بە سەربەخۆیو ئازادی لەگەڵ ئەو شەمالّەی کە بەرەو ڕوی هاتوە سەمابکات. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر دەوڵەتانی دراوسێ هەر وەک کارەباکەی سەردەمی منالّی، بونەتە دیواری زەبەلاح ... هەمو هەولێک ئەدەن تاکو هەناسەی خاوەن کۆلارەکان بگرن جا چ جای خودی کۆلارەکان ...!؟ گەر چی کۆلارەکانی ئێمە وەک کۆتری سپین، بانگەشەی کوردی بونو، نیشتیمان بونو، سنور نەبازاندن ئەکەن و نابنە تەیری گول و ئاسمانی ئەوان نابەزێنن ... بەڵام ئەوان هەراسانی تەنگیان پێ هەڵ ئەچنێت، دەست ئەکەن بە کۆبونەوەو ئەبنە ئاموژای یەکتری.. هەر هیچیان پێ نەکرێت گرفتی ئابوری، کشتوکاڵی، ئەکنیکی، سیاسی ... هتد بۆ ئەهێننە پێش..؟؟ لە لایەک (تورکیا) هەڕەشەی لەشکر کێشی ئەکات و، دژی (ماددەی 140) ڕائەوەستێت بەو پەڕی مل هوڕیەوە (کەرکوکی پیرە شاری کوردی) بە مالّباتی تورک ئەزانێت ... لە لایەکی تر (ئێران) و هاودیانی مەزهەبی لەگەڵ شیعەکانی عێراق و یارمەتی دانی ماددیان، کردنی خاکی عێراق بە مەیدانی دژایەتی کردنی ئەمریکا ... هتد. لەلایەکی تر (سوریا) و مۆڵگەی دۆستە دێرینەکانی بەعسی عەفلەقی تیرۆرستانەکانی، وازی تیرۆر لە گۆڕەپانی عێراقدا ئەکەنو بونەتە هەڕەشەی ئارامی و ئاسایش لە وواڵات ... لە هەموی سەیر تر (ڕاپۆرتی بێکەر) ە کە ئەیەوێت ئەوەی کورد بە چەندین ساڵی پڕ خوێنو قوربانی و ئاوارەی و هەڵەبجەو ئەنفال و ... هتد وەدەستی هێناوە بە چاو تروکانێک لەدەستی بداتو (مۆرو موشەماکە) تەسلیمی حکومەتی ئێستای عێراق بکات.!؟ ئاخۆ ئەم زەمەن و قۆناخە جیاوازو یەک لە دوای یەکانەی کە بە کوردستانا گوزەریان کردوو بەردەوام گوزەر ئەکەن ... هەتاکو کەی کێشەیەکی ئاوا گەورەو پیری ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست (کێشەی کورد) ی بەم شێوە نائارامە و دڵە ڕاوکێ و تەمو مژییە ئەمێنێتەوە ...؟ ئاخۆ ئەمجارەیان هاوپەیمانان و زلهێزەکانی ڕوخێنەری ڕژێمی عێراقی پێشو، ببنە فاکتەرێک بۆ بەرز فڕینی (کۆلارەی کوردی) لە کەشو هەوایەکی ئازادو سەربەخۆو دیموکراتدا ...؟ ؟ یان ئەوانیش وەک گەورەکان پێیان ئەوتین (توخنی کەرکوکو ئەو شوێنانە نەکەون منالّینە کارەبایە هاااا) یاخود خۆیان کارەبا ڕاستەقینەکەن ... ؟؟.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.